لە هەوڵی گەیشتنیان بۆ ژەمە خواردنی خێڕایی چوار کەس لە سووریا گیانیان لەدەستدا

چوار کەس گیانیان لەدەستدا و 16 کەسی دیکەش برینداربوون لە ئەنجامی قەرەباڵغی لە مزگەوتی گەورەی ئەمەوی لە دیمەشقی پایتەختی سووریا، بە ئامانجی وەرگرتنی ژەمە خواردن بەخێڕایی

ئاژانسی هەواڵی فەرمی سوریا "سانا" لە زاری ماهر مەروان, پارێزگاری دیمەشق بڵاویکردەوە کە دوێنێ هەینی ڕووداوێکی دڵتەزێن لە مزگەوتی گەورەی ئەمەوی ڕوویداوە لە ئەنجامی هەڵمەتێک لە یەکێک لە بۆنە مەدەنییەکانی مزگەوتەکە و دەوروبەری ژمارەیەک کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.

ڕوونیشیکردەوە کە بەرپرسانی پەیوەندیدار لێکۆڵینەوەیان کردووە بۆ زانینی هۆکارەکانی ڕووداوەکە و ئاماژەی بەوەشکرد کە ڕێوشوێنی بەپەلە گیراونەتەبەر بۆ دڵنیابوون لەوەی لە داهاتوودا ئەو جۆرە ڕووداوانە لە شوێنە گشتییەکاندا دووبارە نەبنەوە.